ئەوین عەلی

یاریزانی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانی:

# بەهیوام ببم بە یەکێک لە ئەستێرەکانی وەرزش و جێگای شانازیی وڵاتەکەم بم

تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن مێژوییەکی پرشنگدارە لە یارییەکانی تۆپی سەرمێز لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، یانەکەش خاوەن چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە کە دەتوانن لەگەڵ تیپە بەهێزەکانی عێراق و کوردستان کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یەکێك لەم یاریزانانە کچە یاریزان ئەوین عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی پارێزگای سلێمانی و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە کە یاریزانی پێشووی یانەی ئەفرۆدێت و ئێستای یانەی سلێمانییە. گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی لێ کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینی؟**
- ئاستی یاریزانەکانی تۆپی سەرمێز بە شێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، بۆتە هۆکاری ئەوەی یاریزانان کەمتر مەشقەکانیان ئەنجام بدەن، ئەمەش هۆکارە بۆ دواکەوتنی ئاستی یاریزانان.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**
- هۆکارێکی گەورەیە بۆ بەرەوپێش نەچوونی ئەم یارییە، چونکە وا لە یاریزانان دەکات کەمتر گرنگی بە راهێنانەکان بدەن، راهێنانەکانیش بەبێ بوونی پاڵەوانیەتی سوودی نییە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی لەو یارییە کچانیش بەرەو پێش بچن؟**
-بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی کچان، سەرەتا پێویستە پشتگیری بکرێن لە هەموو رووییەکەوە، هانی کچان بدەن و راهێنانیان لەگەڵ بکرێ، ئەمە هۆکارێکی باشە تاوەکو کچان زیاتر متمانەیان بەخۆیان هەبێت.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی سەرمێز زیاتر لە چیدا دەبینی؟**
-سەرەکیترین گرفت لە یاری تۆپی سەرمێز نەبوونی هۆڵی تایبەتە بەم یارییە.

*** لە چ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**
- بەهۆی کەمیی یاریزانی کچ لە یاری تۆپی سەرمێز، زۆر کات یانەکان داویان کردووە کە یارییان بۆ بکەین.

***بەنیازی چیی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**
- وەکو کچە یاریزانێك بە نیازم زیاتر گرنگی بە وەرزشەکەم بدەم و زیاتر هەوڵی بۆ بدەم، تاوەکو بتوانم ئاستێکی زۆر باشم هەبێت و بتوانم رکابەری یاریزانانی دەرەوەی وڵات بکەم.

***لە خێزانەکەت بەتەنیا وەرزشوانی؟**
-من و خوشەکەم وەرزشکارین کە بەیەکەوە زیاتر هەوڵی بەرەوپێشچوونمان داوە لە ئاستمان.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**
- داواکاریم لەلایەنی وەرزشی ئەوەیە کە زۆر گرنگی بدەن بەم یارییە، چونکە بەڕاستی یاریزانانی ئاست بەرزی تێدایە لە کوردستان کە دەتوانن جێگایان دیار بێ.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە ؟**
-خەونم وەکو کچە وەرزشکارێك ئەوەیە ببم بە یەکێك لە ئەستێرەکانی وەرزش و جێگای شانازیی وڵاتەکەم بم.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**
-بێگومان هیوای هەموو یاریزانێکی کوردە کە وەکو هەڵبژاردەی کوردستان، بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی دەرەوەی وڵات بکات و ئاڵای کوردستان بەرز بکاتەوە.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**
- بە یاریزانی جیهانی timoball

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست کە بەبێ جیاوازی بەردەوامە لە بەسەرکردنەوەی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان، سوپاسی خێزانەکەم و راهێنەرەکەشم دەکەم کە زۆر هاوکارم بوون لە بواری وەرزشی.





# کریستیانۆ رۆنالدۆ بووە باشترین یاریزانی جیهان

## رۆڵی سەدام حوسێن لە دەستنیشانکردنی باشترینەکان چ بوو

## میسی و رۆناڵدۆ دەنگیان بە کێ داوە

یەکێتی تۆپی پێی جیهان (FIFA) گۆڕانکاری لە ناو و شوێن و کات و چۆنیەتی دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانی جیهان کرد، کاتێك ئاهەنگی دەستنیشانکردنی باشترینەکان بووە (THE BEST) لە جیاتی تۆپی زێڕین و هەروەها گۆڕانکاری لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە کرا و هەموو ساڵێك لە مانگی ١٠ ئەم مەراسیمە ئەنجام دەدرێت و بۆ یەکەم جار ئاهەنگی باشترینەکان لە دەرەوەی سویسرا ئەنجامدرا بە بریاری فیفا، کاتێك لە وڵاتی ئینگلتەرا لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو، لەم هەنگاوەیدا فیفا مەبەستی ئەوەی هەیە زیاتر پەرە بە یارییەکە بدات و ساڵانە لە وڵاتێك بەڕێوەبچێت و هەروەها ئەمساڵ بۆ یەکەم جار لە مێژووی باشترینەکان رێگەدرا هەندێك لە هاندەران لە نێو هۆڵی ئاهەنگەکە بەشداربن و هەروەها خەڵاتی باشترین هاندەر و باشترین گۆڵپارێزی جیهانی زیادکردووە.

راپۆرت: رێبین رەمزی



### چۆنیەتی دەنگدان

یەکێتی تۆپی پێی جیهان گۆڕانکاری لە چۆنیەتی دەنگدان بۆ باشترینەکانی جیهان کرد، کاتێك ڕێگەی بە کاپتنی هەڵبژاردەکان و ڕاهێنەری هەڵبژاردەکان و یەك ڕۆژنامەنووس لە هەر وڵاتێك و هاندەران دەنگ بە باشترینەکان بدەن و بە ڕێژەی (٢٥٪) بۆ هەر یەکێکیان.

### ڕۆناڵدۆ باشترینە

دوای کۆکردنەوەی ڕێژی دەنگدەران لە ڕاهێنەر و یاریزان و ڕۆژنامەنووس و هاندەران بۆ جاری دووەم لەسەر یەکدی یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشانکرا بە ناوە تازەکەی، کاتێك بەرێژەیەکی زۆر بەپێش هەردوو یاریزان میسی و نیيمار کەوت، ڕێژەی دەنگدان بەمشێوەیە بوو:

١- کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ  ٤٣,١٦٪
٢- لیۆنێل میسی ١٩,٢٥٪
٣- نیيمار ٦,٩٧٪
٤- بۆفۆن ٦,٨٢٪
٥- سیرجیۆ ڕامۆس ٣,٣٤٪
٦- لۆکا مۆدریچ ٣,٣٣٪
٧- تۆنی کرووس ٢,٧٠٪
٨- مارسیلۆ ٢,٠٩٪
٩- نگۆلۆ کانتی ١,٣٥٪
١٠-لویس سوارێز ١,١٩٪



### لیکی مارتن بووە باشترینی کچان

لەسەر ئاستی کچان یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە لیکی مارتن بەباشترین یاریزان لەسەر ئاستی کچان دەستنیشانکرا، دوای ئەوەی ڕۆڵێکی باڵای بینی لە بەدەستهێنانی چەندین دەستکەوت لەگەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندە لەسەر ئاستی ئەورووپا بەجیاوازییەکی کەم لەگەڵ باشترین یاریزانی ساڵی ڕابردوو کارل لیوید یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، باشترینەکانی کچان بەمشێوەیە بوو:

١- لیکی مارتن ٢١,٧١٪
٢- کارل لیوید یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ١٦,٢٨٪
٣- دیانا کاستلینۆس یاریزانی هەڵبژاردەی ڤینزویلا ١١,٦٩٪



### زیدان بووە باشترین ڕاهێنەری جیهان

ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید زینەدین زیدان بەباشترین ڕاهێنەر لەسەر ئاستی جیهان دەستنیشانکرا بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا دوای ئەوەی لە وەرزی ڕابردوو توانی سێ لە گرنکترین پاڵەوانێتیەکان بەدەستبهێنێت لەگەڵ ڕیال مەدرید ئەویش خولی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و جامی جیهانی بۆ یانەکان.

زێدان بەجیاوازیەکی زۆر لەگەڵ کۆنتی بەباشترین ڕاهێنەر دەستنیشانکرا و ڕێژەی دەنگدان بەمشێوەیە بوو:

١- زینەدین زێدان ٤٦,٢٢٪
٢- ئەنتۆنیۆ کۆنتی ١١,٦٢٪
٣- ماسلیانۆ ئەلیگری ٨,٧٨٪

### سیرینا ڤیگمان بووە باشترین راهێنەری ئافرەتان

لەسەر ئاستی خانمان راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندە سیرینا ڤیگمان بەباشترین راهێنەر دەستنیشانکرا دوای ئەوەی توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئافرەتانی هۆڵەندە چەندین دەستکەوتی گەورە لەسەر ئاستی ئەورووپا و جیهان بەدەستبهێنێت و هەروەها بەجیاوازیەکی زۆر توانی لە هەردوو رکابەری پیاو بباتەوە، کە رێژەی دەنگدان بەمشێوەیە بوو:

١- سیرینا ڤیگمان راهێنەری هەڵبژاردەی کچانی هۆڵەندە ٣٦,٢٤٪

٢- نیلس نێلسۆن راهێنەری هەڵبژاردەی کچانی دانیمارك ١٢,٦٤٪

٣- جێرارد پریچیۆر راهێنەری یانەی لیۆنی فەرەنسی ٩,٣٧٪

### بۆفۆن بووە باشترین گۆڵپارێزی جیهان

یەکێك لە خەڵاتە تازەکانی باشترینەکانساڵ، یەکێتی تۆپی پێی جیهان بڕیاری دا خەڵاتێکی تایبەت بە باشترین گۆڵپارێزی جیهان دابین بکات و گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی یۆڤانتۆس جیانلویجی بۆفۆن بەباشترین گۆڵپارێز دەستنیشانکرا دوای ئەوەی بە پێش هەردوو گۆڵپارێز نوێر و ناڤاس کەوت.

رێژەی دەنگدان بەمشێوەیە بوو:

١- جیانلویجی بۆفۆن ٤٢,٤٢٪

٢- مانوێل نوێر ٣٢,٣٢٪

٣- کیلۆر ناڤاس ١٠,١٠٪

### جوانترین گۆڵی ساڵ دەستنیشانکرا

یاریزانی یانەی ئەرسناڵ و هەڵبژاردەی فەرەنسا ئۆلیڤەر جیرۆ خەڵاتی جوانترین گۆڵی ساڵی وەرگرت (خەڵاتی پۆشکاش) دوای ئەوەی لە یەکێك لە یارییەکانی یانەی ئەرسناڵ توانی گۆڵێك بەشێوازێکی هونەری جوان تۆماربکات.

جیرۆ لەسەر ئەم خەڵاتە رکابەری لەگەڵ گۆڵپارێزی یەکێك لە یانەکانی باشووری ئەفریقیا ماسۆلکی ئۆسکرانی و خانمە یاریزانی هەڵبژاردەی ڤینزویلا دیانا کاستلینۆس دەکرد.

### هاندەرانی سێلتیك بوونە باشترینی جیهان

یەکێك لە خەڵاتە تازەکان دەستنیشانکردنی باشترین هاندەران لەسەر ئاستی جیهان.

هاندەرانی یانەی سیلتیکی ئوسکتلەندا توانیان ئەم خەڵاتە ببنەوە، دوای ئەوەی لە یەکێك لە یارییەکان بەبۆنەی ٥٠ ساڵی بردنەوەیان جامی ئەورووپا بۆ یانەکان نمایشێکی سەرنج راکێشیان لەنێو یاریگا ئەنجامدا، هاندەرانی سێلتیك رکابەری هەریەکە لە هاندەرانی بروسیا دۆرتمۆند و هاندەرانی کۆپنهاگنی دانیمارکی دەکرد.

### خەڵاتی یاری خاوێن

یاریزانی تۆگۆ فرانسیس کۆنی، کە لە خولی نایابی چیك یاری دەکات خەڵاتی یاری خاوێنی بردەوە، دوای ئەوەی لە یەکێك لە یارییەکانی خولی چیك توانی ژیانی گۆڵپارێزی یانەی رکابەری رزگار بکات.

گۆڵپارێز تووشی رووداوی (قوتدانەوەی زمان) بوو، بەڵام فرانسیس بەشێوەیەکی خێرا چارەسەری بەپەلەی بۆکرد و ژیانی لە مردن رزگار کرد.

### پێکهاتەی ساڵ

کۆتا خەڵاتەکانی باشترینەکانی ساڵ دەستنیشانکردنی پێکهاتەی ساڵ بوو، کە تیایيدا یاریزانانی ریال مەدرید و یوڤانتۆس و بەرشلۆنە و پاریس سان جێرمان و ئەی سی میلان کۆنترۆلی پێکهاتەی ساڵیانکرد، کە بەمشێوەیە بوو:

**گۆڵپارێز:** جیانلویجی بۆفۆن (یۆڤانتۆس)

**هێڵی بەرگری:** دانی ئەلڤێس (پاریس سان جێرمان)، بۆنۆچی (ئەی سی میلان)، مارسێلۆ (ریال مەدرید)، رامۆس (ریال مەدرید).









**هێڵی ناوەڕاست:** ئەنیستا (بەرشلۆنە)، تۆنی کرووس (ریال مەدرید)، لۆکا مۆدریچ (ریال مەدرید).
**هێڵی هێرشبەر:** لیونێل میسی (بەرشلۆنە)، کریستیانۆ رۆناڵدۆ (ریال مەدرید)، نییمار (پاریس سان جێرمان).


## سەدام حوسێن دەنگی بە رۆناڵدۆ داوە
## دەنگی میسی و رۆناڵدۆ بۆ کێ بووە

دوای تەواوبوونی ئاهەنگی دەستنیشانکردنی باشترینەکانی ساڵ، یەکێتی تۆپی پێی جیهان ناوی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد، کە مافی دەنگدانیان هەبوو و دەنگیان بە کێ داوە، کە تیاییدا هەندێك شتی سەرنج راکێشی تێدابوو، کە بەمشێوەیە:

- لیونێل میسی دەنگی بەخۆی نەداوە وەکو باشترین یاریزانی جیهان، بەڵکو یاریزان لویس سواریزی وەکو باشترین یاریزان دەستنیشانکردووە پاشان ئەندریاس ئەنێستا دواتر نییمار.
- بەهەمان شێوە کریستانۆ رۆناڵدۆ دەنگی بەخۆی نەداوە وەکو باشترین یاریزان ساڵ، بەلکۆ دەنگی بە مۆدریچ داوە دواتر دەنگی بە رامۆس داوە پاشان بە مارسێلۆ.
- کاپتنی هەڵبژاردەی پاکستان ناوی (سەدام حوسێنە) و کریستانۆ رۆناڵدۆی وەکو باشترین یاریزان دەستنیشانکردووە.
- کەچی کاپتنی هەڵبژاردەی سوودان یاریزانی یانەی ریال مەدرید کەرفەخاڵی وەکو دووەم باشترین یاریزانی دەستنیشانکردووە.
- ئەوەی لە هەموو سەیرترە کاپتنی هەردوو هەڵبژاردەی نیپال و چین تایپێ (تایوان) یاریزانی هەڵبژاردەی سوید و یانەی مانچستەر یۆنایتد ئیبراهیمۆڤیچ وەکو باشترین یاریزان دەستنیشانکردووە، کەچی ئیبراهیمۆڤیچ ماوەی شەش مانگ زیاتر لە یاریگاکان دوورکەوتیتەوە بەهۆی پێکان.
- هەروەها کاپتنی هەڵبژاردەکانی هیند و بلییز و نیو سلیودۆنیا دەنگیان بەسیرجیۆ رامۆس داوە وەکو باشترین یاریزانی جیهان.
- راهێنەری هەڵبژاردەی هیند لە سێ یاریزانەکە، دەنگی بە پیر ئۆمابییانگ و کانتی و تۆنی کرووس داوە، واتا هەریەکە لە میسی و رۆناڵدۆ و نییمار وەکو باشترین دەستنیشان نەکردووە.
- کانتێ یاریزانی یانەی چێڵسی لە لایەن هەر سێ کاپتنی هەڵبژاردەی بەهاماس و دۆمنیکان و ئیدین هازاردی بەلژیکی وەکو باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشانکراوە.
- راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە کاتی دەستنیشانکردنی باشترینەکان، هەستی نیشتمانی لە پێش ئاست هەڵبژاردووە، کاتێك دەنگی بۆ هەر سێ یاریزانی ئیسپانی (رامۆس، کارفەخاڵ، ئەندریاس ئەنێیستا)بووە.

بەهەمان شێوە مانوێل نوێر دەنگی بەهاونیشتمانییەکی خۆی (تۆنی کرووس) داوە وەکو باشترین یاریزانی جیهان، بەڵام راهێنەر و کاپتنی هەڵبژاردەی کۆستاریکا دەنگیان بە کیلۆر ناڤاس داوە وەکو باشترین یاریزانی جیهان.

# دلۆڤان مەهدی دەیەوێت بگاتە هەڵبژاردەی عێراق



یانە وەرزشییەکانی بەغدا بە تەواوی چاویان بڕیوەتە سەر یاریزانە بەتواناکانی پارێزگا و شارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی هەرچی یاریزانی باش و ئاستبەرز هەبێت، بە گرێبەستێکی گرانبەها بیگوازنەوە بۆ ریزی یانەکانیان و یاری پێکردنیان لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، قەیرانی دارایی لە کوردستان و پێدانی پارەی زۆر لە لایەن یانەکانی عێراق بە یاریزانان وای لە یاریزانان کردووە و یانەیەکی باشتر هەڵبژێرین. لە دواگرێبەستدا یانەی ئەمانەی شاری بەغدا گرێبەستی لەگەڵ دلۆڤان مەهدی گۆڵپارێزی یانەی زاخۆ و هەڵبژاردەی کوردستان مۆرکردووە، لە بارەی چوونی بۆ یانەی ئەمانەش دلۆڤان مەهدی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرێبەستەم بۆ ماوەی یەك ساڵە لەگەڵ یانەی ئەمانەی شاری بەغدا، گرێبەستی تریشم هەبوو لە چەند یانەیەك کە لە شاری بەغدا و یانەیەکی بەسرا بوو، بەڵام لە سەرجەم گرێبەستەکانم یانەی ئەمانەم هەڵبژارد و دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ببمە گۆڵپارێزی سەرەکیی ئەو یانەیە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بە ئاستی خۆم بگەمە ریزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقی.» لەبارەی نەمانەوەشی لەگەڵ یانەی زاخۆ بۆ یاریکردن، دلۆڤان گوتی: «یانەی زاخۆ هەر لە ناو دڵمە و خۆم بە خاوەنی دەزانم، بەڵام یانەی زاخۆ داوای منیان نەکردووە بۆ یاریکردن، ئەگەر بمەوێت لە خولی نایابی کوردستانیش یاری بکەم، جگە لە یانەی دهۆك بۆ هیچ یانەیەکی تر یاری ناکەم.» لەبارەی بڕی گرێبەست و کێشەی ئەوەش کە یاریزانێکی کوردە و چۆتە شاری بەغدا ناوبراو گوتی: «نامەوێ بڕی گرێبەستەکەم ئاشکرا بکەم، چونکە ئێمە رێککەوتووین بۆ وەرزشکردن و ئامانجی زۆریشم هەیە لەگەڵ ئەم یانەیە بۆ دروستبوونی کێشەش نەخێر، چونکە من وەرزش دەکەم وەکو پیشەگەرێك چوومەتە شاری بەغدا و تا ئێستاش گرفتم بۆ دروست نەبووە کە یاریزانێکی کوردم.»

# کەرکووک هیچ ئام

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی کەرکووك، یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستانە، یانەکە هەموو ساڵێك بە شێنەیی خۆی ئامادە دەکات بۆ خولەکە، بەڵام ئەنجامەکانی دڵخۆشکەر بوون بۆ هاندەرانی یانەکە و تیپەکەش لە ئێستادا ماوەیەکی زۆرە هیچ مەشق و راهێنانێکی نەکردووە، یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش سەرجەم چالاکییەکانی وەستاندووە، ئێستا لە دوای هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقی بۆ ناوچەکە تا رادەیەك کارگێڕی یانەکەش ئاوارە بوون، بۆیە هیچ چالاکییەکی وەرزشی لە یانەکە نەماوە و یاریزانەکانیش ماوەیەکی زۆرە مافی دەستبەرداربوونیان لە تیپەکە وەرگرتووە، لەم بارەشەوە دارەوان قادر راهێنەری





# کاوە حەسۆ دەگەڕێتەوە کوردستان

کاوە حەسۆ گۆڵپارێزی کوردی هەڵبژاردەی سووریا و یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە خولی نایابی کوردستان کە ماوەیەکی زۆرە بەرگری لە تۆڕی یانەی پێشمەرگە دەکات، وەرزی رابردووش نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لەگەڵ یانەکەی بەدەستهێنا و توانی بە ئاستێکی بەرزیش لە خولەکە بە دەرکەوێت، ماوەیەکە چووەتە دەرەوەی کوردستان و لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، لە بارەی چوونی بۆ ئەڵمانیاش کاوە حەسۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە گەشتی وڵاتی ئەڵمانیام کردووە و لەم وڵاتە نیشتەجێمە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کە بە زووترین کات ئیقامەی نیشتەجێبوونم پێ بدرێت لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیا، دواتریش دەگەڕێمەوە کوردستان.» لەبارەی وازهێنانی لە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێریش گوتی: «من هیچ کات بیرم لە جێهێشتنی یانەی پێشمەرگە نەکردۆتەوە، چونکە ئەوەماڵی منە و هەرکاتێك کارەکانم لە وڵاتی ئەڵمانیا بە کۆتایی هات و مۆڵەتی نیشتەجێبوونم بەدەستهێنا، بە زووترین کات دەگەڕێمەوە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، چونکە ئەو یانەیە هەمووکات وەکو ماڵی خۆم بووە و زۆریش رێزیان لێم گرتووە، من ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئەو یانەیە خەریکی وەرزشکردنم، لە ئێستاشدا لە وەرزش دانەبڕاوم و لە شاری بۆخۆم خەریکی مەشقکردنم بۆ ئەوەی بتوانم پارێزگاری لە ئاستی خۆم بکەم.» لە بارەی یاریکردنی بۆ یانەی تریش کاوە گوتی: «بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەم و هەرچەندە پێیان گوتووم لە وڵاتی سووریا، بەڵام بڕیاری گەڕانەوەم نەداوە، تەنیا دەگەڕێمەوە کوردستان و بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر یاری دەکەم، چونکە خولی کوردستان خولێکی یەکجار بەهێزە و کێبڕکێ یانەکان زۆرە، بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ خزمەتکردن بە یانەی پێشمەرگە و خولەکە، هیواداریشم بە زووترین کات کارەکانم بە کۆتایی بێت و بگەڕێمەوە شاری هەولێر بۆیاریکردن لەگەڵ یانەی پێشمەرگە و خزمەتکردنی ئەو یانەیە لە خولی کوردستان.»

## ـــــــادەکارییەکی نەکردووە

وەرزی رابردووی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکی زۆرە مەشقەکانمان ئەنجام نەداوە لە تیپەکە لە دوای کۆتایاریمان لەبەرامبەر پێشمەرگەی هەولێر لە خولی نایابی کوردستان وەرزی رابردوو تا ئێستا یاریزانەکانمان کۆنەبووینەوە بۆ دەستپێکردن بە ئامادەکارییەکانمان، یاریزانەکانیشمان مافی دەستبەرداربوونیان وەرگرتووە، ئێستاش قۆناخەکە تەواو جیاوازە، چونکە زۆربەی کارگێڕییەکانمان لە هەولێرن و نازانین دۆخی تیپەکەمان چی لێ دێت، تائێستا خولی کوردستانیش دیار نییە، بۆیە جارێك ئێمەش چاوەڕوان دەبین بزانین دۆخەکە چی بەسەر دێت.»

